اللهُمَّ بِكَ أَصْبَحْنَا، وَبِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ النُّشُورُ

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت-کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتی هاتنی بەیانیدا دەیفەرموو: «اللهُمَّ بِكَ أَصْبَحْنَا، وَبِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ النُّشُورُ»^، ولە کاتی هاتنی ئێوارەدا دەیفەرموو: «بِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ أَصْبَحْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ النُّشُورُ»^^، وهەندێك جار -لە کۆتاییدا- دەیفەرموو: «وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ» واتە: «چارەنووس وگەڕانەوە هەر بۆ لای تۆیە». ^(واتە: خودایە بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ بەیانیمان بەسەردا هات، بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین، وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە)، ^^(واتە: بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ بەیانیمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین، وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە).

[حەسەن - باش)] [رواه أبو داود والترمذي والنسائي في الكبرى وابن ماجه]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر بەیانی بەسەردا بهاتایە لە سەرەتای ڕۆژ ودەرچوونی خۆر؛ دەیفەرموو: (اللهُمَّ بِكَ أَصْبَحْنَا:خودایە بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ بەیانیمان بەسەردا هات)؛ لەژێر پاراستن ولە نێو نیعمەتەکانی تۆدابین، وسەرقاڵین بە یادکردنت، و بەناوی تۆوە داوای یارمەتی و بەهاناوە هاتنت دەکەین، بە هیدایەتدانت دەوردراوین، وبە توانا وهێزی تۆ دەجوڵێین، (وَبِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ:خودایە بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین)؛ هەمان ڕستەی پێشووە بەڵام لە ئێوارەدا دەیڵێت: -اللهم بك أمسينا- واتە: -خودایە بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات-؛ بەناوی -المحيي:ژیێنەر-ی تۆوە دەژین، وبەناوی -المميت:مرێنەر-ی تۆوە دەمرین، (وَإِلَيْكَ النُّشُورُ:وگەڕانەوەمان هەر بۆ لای تۆیە)؛ وزیندووبوونەوە لەپاش مردن، وجیابوونەوە لەپاش کۆبوونەوە، وحاڵمان بەم شێوەیە بەردەوامە لە هەموو کات وحاڵەتەکان، ولێی دانابڕێین. بەڵام ئەگەر ئێوارەی بەسەردا بهاتایە لەپاش عەسر؛ دەیفەرموو: (بِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ أَصْبَحْنَا، وَبِكَ نَحْيَا، وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ:بە ئیزن ومۆڵەتی تۆ ئێوارەمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ بەیانیمان بەسەردا هات، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەژین، وبە ئیزن ومۆڵەتی تۆ دەمرین، چارەنووس وگەڕانەوە هەر بۆ لای تۆیە)؛ گەڕانەوە لەدوای دونیا وگەڕانەوە لە قیامەتدا هەر بۆ لای تۆیە، ومردن وژیانمان هەر بەدەستی تۆیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5490